سیره: ٣

بسم الله الرحمن الرحیم

........ ڕیسالییەتی چییە؟ موهیممەی ڕوسول چییە؟ کو دەبنە ڕوسول وە لۆ بووینە ڕوسول؟ پاشان هەر ڕەسولەك موهیممەی چەند بوو بی؟ خەریتەی عام إن شاء الله لە خزمەتتان باس دەکەین، ئەو دەرسەی ئەگەر خودا تەوفیق بدا دروسی سابق و لاحق إن شاء الله زیاتر تەوظیفی موهیممەی ڕەسولی خۆمان دەکەین محمدصلی الله علیە و سلم.

جارێ موقەدیمەکی بەسیط لە خەلقی باری تەعالا لەبۆ کەون، بەدیهیە لەکن هەموو ئینسانی عاقل ئەگەر موئمینیش نەبی ئەو کەونە دروست کرایە بێ هەدەف نییە، حیکمەتەکی تێدایە وەئینسانیش بەشەکە لەو کەونەی... ئەوە نوقتەی یەکەم.

نوقتەی دووەم:-

هەرچی ذەڕە هەیە لە وجود، هەرچی خەلایای حەی هەیە لە کەون بەشەریش شمول دەکا، هەمووی هەدەفی هەیە لەو وجودەی هەموو ڕیسالەی خاصی خۆی هەیە، دیسان ئەویش بە ئیعتیباط بە فەوضا نەهاتییە، مەقصەد هەیە ئەو مەقصەدەی ئەدا دەکا، ئەوجا خۆی ذەڕەکە یا خەلییەکە یان حەیوانەکە یان ئینسانەکە بزانی ئەو شتە یان نەزانی، بیەوێ نەیەوێ ڕیسالەی عاممی خۆی ئەدا دەکا.

سێ یەم:

ئەو کەونە ئەو هەموو وجودە، کو هەر جیهازەك کەتەلۆکی خاصی خۆی هەیە ئەو کەونەش وە هەر خەلییەك حەی وە هەر ذەڕەك مەبییت کەتەلۆکی خاصی خۆی هەیە لە وجود، مەثەلەن سوڕانی ئەلیکترۆن بەدەوری پرۆتۆن هی هەموو مادده کەتەلۆکی خاصی خۆی هەیە، دەسوڕێ وفقی ئەو خەریتەیەی کە باری تەعالا خالقی خۆی لەبۆی دانایە، وفقی ئەو سوڕانەی واجبی خۆی ئەدا دەکا، مەثەلەن عەناصر لە کەون هەمووی لە عەناصر پێکهاتییە کەون هەمووی لە کیمیا پێکهاتییە، بە قانونی فیزیا ئیش دەکا، ئەو کەونە ئەو عەناصرانە لە ذەڕات و پرۆتۆنات و ئەلیکترۆن پۆزیترۆن ئەوانەی کە ئیمکانیەتی کیمیاییان هەیە موحتەمەلە ئەو شتانەیان خیندبی، هەریەکە لەو جوزئە بەسیطانە دەوری خۆی ئەدا دەکا وە وفقی قانونەکی موعەییەن، مەثەلەن ئەلیکترۆن کە دەسوڕێ لە فلان ئۆربیتال دەسوڕێ، فلان حەرەکەی هەیە، سورعەتی ئەوەندەیە، فەراغی بەینی پرۆتۆن و ئەلیکترۆن دەبی ئەوەندەبی نیوە تیرەکەی نابی زیاترو کەمتر بی، نابی سورعەتەکەی کەمتر بی نابی زیاتر بی، نابی ئیتیجاهی دەوەرانی عەکس بی، هەر ذەڕەك وەردەگری لەو وجودەی بەو نەوعەیە، ئیذەن هەرسێ قانونی لەسەر تەطبیق دەبی.

خەلییەی حەئەحیاء کە شمولی حەیوان دەکا نەبات وە ئینسان، ئەوانیش هەرچی ذەڕاتیان هەیە هەر چی خەلایایەی حەی هەیە ئەویش بە مەقاصد دروست بووە، هیچ خەلییەك نییە حەی لە وجود لە فەراغ دروست بوو بی بەبێ هەدەف دروست بوو بی ڕیسالەك پەیامەکی نەبووبی، هەمووی هەدەفی خۆی هەیە لە ئەنیبا وە گچکەترین خەلیە وەری گرە هەتا گەورەترین کائین موعەقەد کە ئینسانە، هەمووی هەدەفی هەیە، ئیذەن خالیقی ئەو کەونەی ئەو وجودەی لەبۆ هەمووی هەدەفی دانابی حەتمەن ئیشیشی پێیان هەیە، ئیشی بەو هەموو کەونەی هەیە.

نوقتەی چوارەم:-

تەسەلسولی خەلق، لە ذەڕەك یان خەلییەك بەسیطترین خەلییە دەست پێدەکا هەتا موعەقەدترین خەلییە بە تەطەور داڕۆیشتیە بە تەسەلسول داچووە، لە بەسیطترین خەلییە تەعقید دەبی سەبر سەبر ئەمیبا دەبێتە کلامیدۆمۆناس دەبیتە مەڕاحلیتکە هەتا دەگاتە موعەقەدترین کائین حەی لەسەر وجود کە ئینسانە ئەوە هەمووی لەو مەرحەلییەتە هەمووی هەدەف و مەقصەدی خۆی هەیە باری تەعالا لە ناوی، مەثەلەن ئەمیبای خەلق کردیە هەدەفی خاصی خۆی هەیە باری تەعالا، کلامیدومۆناسی خەلق کردییە هەدەفی خاصی خۆی هەیە، ئەوە بەنیسبەت ئەحیاء، نەفسی شت بە نیسبەت ئەمواتیش کە ذەڕەیە، هەر خەلییەك ئیشی خاصی خۆی هەیە باری تەعالا پێی بەو هەموو ئیشانە ڕیسالەی خۆیان ئەدا دەکەن.

خەریتەی کەون بەوەی دروست بووە، کە موختەصەر موفید ئەو هەموو کەونە لە گچکەترین ذەڕە هەتا موعەقەدترین کائن مەبیت کە ڕۆژە مانگە فولانە، وە لە گچکەترین خەلییە هە تا موعەقەدترین خەلییە هەمووی لە بۆ خاتری یەك هەدەف دروست کرایە، ئەویش موسەخەر بی لەبۆ ئینسانی موئمین ئەمە، ئیذەن وجود هەمووی هەدەفییەت لە وجودی وجود، هەدەفییەت لەو کەونەی، تەسخیر کردنە لەبۆ ئینسان ئەمەی بەنی بەشەر، هەموو ئایاتی قورئان بە و تەسەلسولەی دەگاتە ئەو نوقتەیەی، هەموویان وفقی نوقتەی یەکەم و دووەم ڕیسالەی خۆیان ئەدا دەکەن بە ئیجبار قەصرەن ڕیسالەی خۆی ئەدا دەکا، ذەڕە مەثەلەن ڕۆژ(خۆر) باری تەعالا ئەمری پێ کردیە ڕۆژێ ئەوەندە کیلۆ ماددەی خۆت تەحویل بکە لەبۆ طاقە، ڕۆژ(خۆر) لەو زەمانەی کە خەلق بووە هەتا ئێستا چ ڕۆژەك تەقدیمی عوزری نەکردیە، تەقدیمی ئیستیقالەی نەکردیە، طەلەبی ئیجازەی مەرەضی نەکردیە، ئیحتیجاجی نەکردیە، لۆ؟ چونکی خالقی پێی گوتییە ئەوها بکە، ئەو دەبی ڕیسالەی خۆی ئەدا بکا، ڕیسالەی عوظمای خۆی لە وجودی ئەو کەونەی ئەدا دەکا، ڕۆژ طاقەی دەداتە هەموو وەسەطی، طاقە دەداتە جەماد طاقە دەداتە نەبات، نەبات ئیستیفادەی لێ دەکا، تەرکیب ضەوئی

دروست دەبی، ئەوەی کە هەمووتان الحمد لله، پاشان طاقە دەداتە حەیوان، ئەوە هەمووی ئینسان دێ حوسنی ئیستیفادەی لێ دەکا، یان سوء ئیستیفادەی لێ دەکا.

ئیذەن ڕۆژ بەهەموو کیانی خۆی موسەخەڕە لەبۆ ئیستیفادە لەبۆ ئینسان، مانگ کذلك ئەستێرەکان کذلك، عارد ڕیسالەی خاصی خۆی هەیە، ئەو گەنمەی کە ئەمە دەیخۆین باری تەعالا عاردەکەی دروست کردیە ئەوهاشی لێ کردیە لەو نەوعەی دانایە کە بتانین بیکێلین، عەقلی داینێ جیهاز دروست کەین بیکێلین، هەر ئەویش فێری کردین ئەو دەنکە گەنمە لە بن ئەو عاردەی دانێین، هەر ئەویش باران دەبارێنی هەرئەویش بارانەکەی وەلێدە کا بچیتە بن عاردی، هەر ئەویش وەی لێکردیە گەنمەکە بە واسیطەی ئەو ئاوە ی بەوبارانەی بخوسێ، پاشان نەمام دەرکا پاشان سەبر سەبر برند بی، هەر خۆی ڕیعایەتی دەکا وەی لێ دەکا هەتا دەگاتە ئەو حەددەی هیشك ببی، هەر بەو ڕۆژەی کە خەلقی کردیە، بەس ئەوەندە ئینسانەکە دێ دەیدورتەوە و طەحنی دەکا دەیخوا، ئەوەندەیە ڕیسالەی ئینسانەکەی؟ ئیذەن کەون هەمووی لە خزمەتی ئەو بەشەرەیە(لَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ)(الإسراء ٧٠) ئەوەیە مەفهومی تەکریم ماددی و مەعنا، باشە ئەوە هەمووی لەضمنی ئیشی خۆی دائیرەی خۆی ریسالەی خۆی ئەدا دەکا، باشە ئەدی ئینسان، عیلمەن ئەوانە هەمووی موسەخخەرن، حەتمەن دەبی ئینسانیش بە ئیعتیباطی بەجێ نەهێلدرێ، ئیشی ئینسانیش فەوضا نەبی وەکی وان بەرمەجەك خەریتەك موعەییەن هەبی ئیشی تێدا بکا، لێرە باری تەعالا هاتییە ئیشی کردیە لەسەر ئینسان، کو ئیشی کردیە لەسەر ئینسان؟ ئەو هەموو تەسخیرە لەعەقل و لە ئیمکانییەت هەمووی جەمع کردیە لە عەقلی ئینسان، هەرچی کەمالیات و وجود هەیە هەمووی دیسان جەمع کردیە لە عەقلی ئینسان، مەثەلەن چاو وەرگرە مێش چاوی هەیە، پێشکە چاوی هەیە، مار میلۆق چاوی هەیە، نەباتیش ئیحساسی هەیە ئەوانە هەمووی جەمع کە چاوی هەموویان جەذب و لەبۆ کەسب و لەبۆ ئیستیفادە کەجوزوء کائین حەی، ئینسان لە هەموویان بە قوەتترە، مەثەلەن چاوی چێلی بەس ڕەش و سپی و ڕەمادی دەبینی ڕەصاصی، ملەوەن نابینی، عیلمەن چاویشی ئەوهەندەیە[ مەبەستی مامۆستا واتا گەورەیە] بۆق ملەوەن نابینی، ئیذەن هەرچی چاو هەیە لە گچکاتی لە کلامیدۆمیناسەوە سەبر سەبر سەبر سەبر گەورەترین و موعەقەدترین چاو لە ئینسانە، ئیذەن دەبی چاوی ئەو ئینسانەی ڕسالەی خۆی ئەدا بکا، گێ کذلك، دەو کذلك، کەپوو کذلك، ئەحاسیس کذلك، هەمووی جەمع دەبی لە کیانی عەقل، باری تەعالا دێ ئیش بەو عەقلەی دەکا، دێ ئەو عەقلەی تەهیئە دەکا تە رویض دەکا، لەبۆ ئەوەی فیعلەن ئەویش ببتە جوزئەك کوتلەك لە ناو ئەو وجودەی، وەکو ئەو ذەڕەیەی کو واجبی خۆی ڕیسالەی خۆی ئەدا دەکا، دەبی ئا ئەو عەقلە ئەو ئینسانەش لەگەر ئەو وجودەی ئیتیحاد بکا، شاذ دروست نەبی، هەموو سەیارەلەیەك ساید دەڕوا ئەو عەکس نەیێ، هەموو ذەڕەك کە ئێستا لە وجود

دەسوڕێ هەمووی لە چەپەوە لە بۆ ڕاستە، هەموو ذەڕاتی ماددە، حاجیش کە دەسوڕێ لە بەیت لە چەپەوە لەبۆ ڕاست دەسوڕێ، لەبەیت سوڕانەوەی حاجی لە دەوری کەعبە لە چەپەوە لەبۆ ڕاستە، بەو تەشکیلەیە عەکسی عەقرەبی ساعە، ذەڕەش کە دەسوڕێ بە دەوری ناوك هەر بەو نەوعەی دەسوڕێ، کە ذەڕە ئەوئیشەی دەکا موسەخەڕە، حاجی یەکە وفقی عەقلی خۆی ئەو ئیشەی دەکا ئەو ئەدایە دەکا، کە ذەڕە دەسوڕێ عەبدە، عبودیەتی خوای دەکا دەبی حاجیەکەش عیبادەتی خوای بکائیذەن هۆردووکیان نەفسی ڕیسالەتیان هەیە ئەویش سەردانەواندنە لە بۆ یەك خالق(الله).

ئەو مەفهومی عبودیەتە بە چ ئیثپات دەبی و دێتە وجود و حەقیقەتی کەشف دەبی؟ بە مەفهومی کەلیمەی ڕیسالە.. پەیام، باری تەعالا بەو ذەڕەیەی گۆ بەو خەلیەیەی گۆ ئەوهابە، وەکی کابرای عەوام دوو زەلام بە ناو دەشتێ کە تبوون دەڕۆیشتن، یەکەکیان سەطحی و بەسیط بوو لە ڕەفیقەکەی خۆی پرسی گۆتی ئەرێ ئەو هەموو دڕکە کو باری تەعالا قل قل پێی تیژ کرایە؟ دڕکەکی زۆری دیتیە لە دەورووبەری، ئەویش حاشاکی حازری گۆتی گێلە، خودا دەرێ تیژبە تیژ دەبی ئیشی خوای ئەوهایە، باشە بە ذەڕەی گۆ ئەوها طاعەتی من دەکەی، دەوەران لە دەوری ناوك بەو شکلەی طاعەتی منە عبودیەتە، وەظیفەی خۆت ئەدا دەکەی، دەبی بە حاجیش بڵێ حاجیش بهێنیتە ئەو مستەوایەی عەقل برێ بابە کە ئەتوو لە دەوری بەیت دەسوڕێی، کوتلەك نەوعی دروست دەکەی لە مەفهومی عبودییەت لەگەر هەموو کەون، هەموو کەون ئەنگۆ دەبنە یەك کوتلەی مەخلوق هەموو تەحتی عیبادەتن.

کە ذەڕە بەو نەوعەی سەجدە دەبا بەو نەوعەی رکوع دەبا حاجیش لەوێ ئەوها دەکا، ئەمەش کە لێرە نوێژێ دەکەین ڕومان لە قیبلە ی دەکەین نەفسی دەوەرانە، کەعاردیش دەسوڕێ ئێستا بە عەینی ئیتیجاهـ دەسوڕێ مانگ دەسوڕێ بە عەینی ئیتیجاهـ دەسوڕێ، ڕۆژ دەسوڕێ بە عەینی ئیتیجاهـ دەسوڕێ، کەون هەمووی دەسوڕێ بە عەینی ئیتیجاهـ دەسوڕێ، ئیذەن هەمووی یەك کوتلەیە، هەمووی ئەوانە ڕیسالەی خۆیان زانی دەبی ئینسانیش ڕیسالەی خۆی بزانی.

باشە ئینسان کو ڕیسالەی خۆی دەزانی؟ ئەوە سوئالەکەیە،؟ لێرە باری تەعالا دێ سەفیری ئیختیار دەکا لە ئینسان، سەفیر لە ئینسان ئیختیار دەکا، ئەوە دێینە سەر ئەو سەفیرەی موحتەمەلە بەعضە کەس بە مێشکی دابێ باشە لۆ باری تەعالا ئەو کەونەی دروست کردیە؟ بە موجەزی موفید باری تەعالا ئەسماء و ئەفعالی زۆرە، مەثەلەن یەك لەو ئەسمائانە غەفورە، ئەگەر عیباد نەبی ذەڕات گوناهـ ناکا، ڕۆژ گوناهـ ناکا، ئەگەر نەوعەك موعەیەن مەخلوق نەبی وە صیفەکی ئەوها نەبی بەعضە جار گوناهـ نەکا؟ کو صیفەی غەفوری باری تەعالا دێتە جێ؟ ئەگەر ئەو صیفەتەی نەبی باری تەعالا ناقصە، ئیذەن دەبی نەوعە مەخلوقەك هەبی گوناهـ بکا یاخود باری تەعالا نەوعە

مەخلوقەك دروست بكا كە گوناهی كرد صەبری لەسەر بگری، یان ئەو عیبادانە ئەو مەخلوقانە ظولم لەیەكتری دەكەن، باری تەعالا كە دەیانبینی ظولم دەكەن حیلم بكا لە سەریان، ئەو صیفەتانەی باری تەعالا نەیەتە وجود حەقیقەتەن وە واقیعەن نابتە ئیلاهەكی كامیل و موطلەق، لەبۆ ئولوهییەتی خۆی لەبۆ مەفهومی ربوبییەتی خۆی دەبی ئینسان دروست بی لەسەر عارد وە عیبادەتیشی بكا، وەكی ئەو هەموو وجودەی كە عیبادەتی دەكا.

باشە باری تەعالا دێ لەو عەظەمەتەی خۆی لەو كبریائەی خۆی سەفارەت فەتح دەكا لەگەر عارد، ئەو ئینسانە فیعلەن خیلافەتی بداتێ بیكاتە مەسؤل لەسەر كەون، یەعنی باری تەعالا ئەوهای دانایە بەشەر لە قورئان طەبعەن پلاكی پێبی دەست بە پلاكەكەی بدا برێ ڕۆژ ئا ئەوەندە طاقە و كەمییەت بدە فلان جێ ی، ڕۆژ فیعلەن ئەوەندە طاقەی بدا، ئیحتیاجی بە طاقەی شەمسی هەیە فلان نەوعە ئەجهیزەی پێ تحریك دەكا ئینسانی موئمین، مانگ موغناطیسیەتت بە جیهاز ئەوهای لێبكا مانگ ئەوەندە موغناطیسییەتە تەكثیفی كا لەبۆ فلان ئیستیفادەی بەشەر لە فلان جێ، سەیطەرە مەثەلەن لەسەر فەیضانات، سەیطەرە لەسەر بەراكین، هەمووی لەبن دەستی ئینسانی موئمینە، هەمووی پێ دەكرێ ئینسانی موئمین، بە چ؟ چونكی موسەخخەڕە هەموو كەون لەبن دەستی موسەخخەڕە، باری تەعالا دایتیێ بە چ؟ فیعلەن ئا ئەو مەلەكەیەی دایتە ئینسان، لۆ؟ چونكی كردیتیە سەفیری خۆی بە چ؟ بەناردنی ڕیسالە و پەیام.

ئیذەن دەگەینە نوقتەی دووەمی ڕەئیسی باری تەعالا كو ئا ئەو ئینسانانە ئیختیار دەكا؟ مواصەفاتی ئەو ئینسانانە چییە؟ باشە لۆ ئینسانی ئیختیار كرد؟ لە بیدایەت موقەدیمە گوتمان ئا ئەو هەموو تەسەلسولە تەعقیدیە لە ذەڕە یان لە خەلییە دەست پێ دەكا، موعەقەدترین كائینی لێ دروست بووە بەشەرە ئیذەن دەبی بەشەر ببتە خەلیفە، لەبۆ بەشەریش ڕیسالە بێ، ئەو هەمووانە كەتەلۆكیان هەیە دەبی بەشەریش كەتەلۆكی هەبی، باشە بەشەر كە كەتەلۆكی بوو ئەوكەتەلۆكە كێ لۆی دەینیتە خوارێ وەكێ تەقدیمی دەكا، ئەوەی لۆی دەینیتە خوارێ باری تەعالایە ئەوەی تەقدیمی دەكا دەبی بەشەر بی، چونكی بەشەر دەبی ببتە حوجە لە بۆ بەشەر بەشەر دە بی ببیتە وەسیط حەلەقەی تەفهیم لەبۆ بەشەر، لۆیێ باری تەعالا لە قورئان دەفەرمی: ئەگەر بهاتبا لەسەر كوڕەی ئەرض مەلائیكەتمان دانابا ئەو ڕەسولە ئەو وەسیطە ئەو سەفیرەی كە دەماننارد دەبا مەلائیكەت بی.

ئەمما ئەو ڕەسولەی كە لەبۆمە ناردرایە وەكی خۆمان بەشەرە، لۆ ئەوەی فیعلەن ببتە وەسیلە بەینی مە و بەینی باری تەعالا، لە عەینی وەقتیش ببتە موقیمی حوجە لەسەرمان، وەكی وی ئەمە كو سەرمامان دەبی ئەویش ئەوها سەرمای دەبی، ئەمە كو گەرمامان دەبی ئەویش دەبی ئەوها گەرمای ببی، ئەمە كو حەز بە تەلەذوذ دەكەین لەذەت ئەویش ئەوها حەز بكا، ئەمە كو دەترسێین دەبی ئەویش

ئەوها بترسێ، ئەمە کو حەز لە حەیات دەکەین دەبی ئەویش وەکی مە حەزی لە حەیات بی، وە إلا نابتە مومەثیلی مە، ئەمە کو دەمرین دەبی ئەویش ئەوها بمری، کو ئەزیەتی دەخۆین دەبی ئەویش ئەوها ئەزیەت بخوا، ئیحساس بە ئەلەم بکا ئیحساس بە لەذەت بکا تەمەتوع بە خۆشی بکا وەکی مە، وەکی مەش بخوا، نەفسی دەوی هەبی نەفسی نەوعی مەعیدەی هەبی نەفسی نەوعی هەناسە بدا هەناسە وەربگری، نەفسی شکل بڕوا، ئەوانە هەمووی ئیقامەی حوججەی پێ دەکرێ لە ڕۆژی قیامەت لەسەر بەشەر.

مەثەلەن ئەگەر بهاتبا مەلائیکەت لەسەر وجود بوایە باری تەعالا بەمەی گۆتییە وەکو ئوممەمی سابق بەڕۆژی بن بەڕۆژی دەبوین، ئەمما ئەو مەلائیکەتە دەیتانی مەثەلەن سالی کامیل بەڕۆژی ببی گێشی لێ نەبی، چونکی خواردن ناخوا نەدەبووە حوججە لەبۆ مە، وەنییە؟ مەثەلەن باری تەعالا بەمەی گۆتییە نەزەرێ مەکەن، ئەو ڕەسولەی لەبۆ مانی ناردیە مەلائیکە تە نەزەرێ ناکا نەفسی نییە، رۆژی قیامەت ئەگەر بیگۆتبا لۆ نەزەرتان کردیە؟ دەمانگۆت یا ڕەبی ئەوەی کە ناردرابوو لەمە نەبوو، لەمە نەدەگەیشت، مومەثیلەکت ناردبوو تەمثیلی مەی نەدەکرد، خیلقەتی، طەبیعەتی موختەلیف بوو، ئەمما نەء ئێستا وەکی مەیە، نەفسی ئەزیەت نەفسی موعانات حەتتا ئەو ڕەسولە کە دێ موعاناتی بەدەنی موحتەمەلە موضاعەف بی، ئەلەمی موحتەمەلە موضاعەف بی، لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم وەختی وەفاتی، حەزرەتی فاطیمە بەس هەر ئەوەندە دەستی لەسەر سەری موبارەکی دانا و زوو هەری گرت، ئەمە هەتا٤٠ دەرەجەی گەرمی تەحەمول دەکەین ئەو موحتەمەلە موحتەمەلە ئی پێغەمبەر صلی اللهعلیهوسلم ٦٠ بووبی، فەرمووی یا رسول الله زۆر زۆر گەرمە بەدەنت، گۆتی بەرێ ئەو حەرارەتەی کە لە بەدەنی من هەیە بەقەدەر دووی ئینگۆیە، ئیذەن دەبی ئەلەمی موحتەممەلە لە ئی مە زیاتر بی، لۆ؟ چونکی نموذەجە، مومەثیلە، حەلەقەی وەصلە، دەبی وەکی مەبی، ئیذەن باری تەعالا بە ئینسان ئیقامەی حوججە لەسەر ئینسان دەکا دەبی ئیللا عەن طەریقی بەشەر بی، بەشەر نەفسی موعاناتی هەیە دەبی لەسەر نەفسی کوڕەی ئەرض بژی، نەفسی هەناسە وەربگری نەفسی خانی و نەفسی حەیات، وەکی وان ژن بینی، یەعنی بوعدی ئیجتیماعی و بوعدی ئیقتیصادی و بوعدی عەسکەری و بوعدی عەقلی عیرفانی علمی، ئەوانە هەمووی وەکی ئیمە دەبی لەسەری تەطبیق بی، نەخۆ نابتە ڕەسول، ڕەسول چییە؟ یعنی مومەثیل.

باشە باری تەعالا کو دێ ئیختیاری وانە دەکا؟ ئەوە زانیمان دەبی ئیقامەی حوججە بکرێ، مەجموعە مێروستانەکی لە تۆپەکی شەفاف، مەجموعە مێروستانەکی لەناو دانێی ئەو سەر و ئەو سەر بکەی هەمووی دەبینی، کیانی ئینسانی لە ئادەمەوە هەتا ئەخیر ئینسان لەسەر وجود لەپێش چاوی باری تەعالا بەو نەوعەیە، لە کن الله زەمان و مەکان نییە، کە باری تەعالا ئەو مەخلوقانەی

هەموو خەڵق كردیە منها ئینسان، تەماشا دەكا ئەو ئینسانە كوە، مەثەڵەن باری تەعالا دیتیتی محمد رافع لە چ زەمانەك دەبی، لە چ زەمانەك دەمری، كو دەژی، حەیاتی كوە، لۆیێ موهیممەی محمد رافعی ئەوها لێ كردیە، كاك محمد نەء نەوعەكیتكە دەژی، لەجێیەكیتكە ویلادەی دەبی، لەجێیەكیتكە ئەمری خوای دەكا، كیان و بونیە و هەیئەتی بەنەوعەیە دەبی ڕیسالەكیتكە ئەدا بكا.

ئیذەن ڕیسالەكیتكە ئەدا دەكا ئەبەو نەوعەی باری تەعالا لە ئەزەل تەماشای ئەو هەموو ئینسانەی كردیە، ئەو هەموو ئینسانە مەثەڵەن ئینسانی خەبیر هەبووە مەثەڵەن ئەدیسۆن عەقلی هەیە، بە واسیطەی عەقلی علمی خۆی تەسخیر دەكا لەبۆ وجودی بەشەر شتەك دروست دەكا ناوی كارەبایە، ڕیسالەی ئەدیسۆن لەو مەوضوعەی دایە، مەجالی دەدا و فورصەتی دەداتێ لۆ ئەوەی فیعلەن ئا ئەو دەورەی ببینی، ئەنیشتاین عەقلی هەیە، علم و مەجالی دەداتێ لۆ ئەوەی سەبەبیە دروست بكا، لە ضمنی ئەو مەسارەی هەموو بەشەرەكانیش دەبینی، دەبینی مەثەڵەن زەكەریا ئینسانەكە خەبیرە، ئەو نەوعە ئەوصافانەی هەیە، لە خەریتەی خۆی باری تەعالا ئا ئەوەی ئیختیار دەكا بە نەبی، یەحیا دەبینی ئەو ئەوصافانەی هەیە ئیختیاری دەكا بە فلان، كو ئیختیاری ئەنیشتاین دەكا بە عالم علمی نسبی فیزیایی، ئەدیسۆنی ئیختیار كردبەوەی ئختیراعی ئەوەی بكا، فیعلەن ئا ئەوانەش ئیختیار دەكا لەبۆ ئەو ئیشەی، كەلیمەی ئیختیار بەنیسبەت ئەنبیاء و ڕوسول لە ناو قورئان بە ناوی ئیصطیفاء هاتیە، ئیختیار لەبۆ هەموو بەشەرە لە هەموو ئەبعاد، ئی ڕوسول ڕیسالەی وی ئەدابكا بە ئیصطیفاء ناوی هاتییە، دەبی ئەوصافی خاصی خۆی هەبووبی، باری تەعالا دێ لە خەریتەی عامی خۆی ئەو هەموو ئینسانە تەصفیت كرایە یەك لە تەنیشت یەك دانرایە، ئەوە بەو نەوعەیە ئەبەو نەوعەیە ژیانی ئەوە بەو نەوعەیە ژیانی، ئیذەن هەریەكە ڕیسالەی خۆیدەداتێ، ئی ئەنبیاء و ڕوسول ئیصطفائیان دەكات لۆ ئەوەی ببنە مومەثیل بەینی خۆی و بەینی ئینسان، طەبعەن عن طریقی سوفەرائیتكە لە ئاسمانێ هەیە، ئەویش مەلائیكەتن، ئەوە صیغەی ئیصطیفائی ڕوسول، طەبعەن هەر ڕوسولەك ئیصطیفائیاتی خاصی خۆی هەیە، یەعنی هیچ ڕەسولەك ئۆتۆماتیكی نەبوویتە ڕەسول، تەقدیری موسبەق هەیە لەسەری، بەو نەوعەی داهاتیە مەدرەسەی خاص هەبووە دەبی پێیدا چووبی ئیعداد دەكرێ ئەوجا، تەهیئە لەناو داخیلی خۆی هەیە، باری تەعالا تێیدا دیتیتی ئەوە موهەیئە لەبۆ ئەو ئیشەی، كاك محمد موهەییەئە لەبۆ ئەو ئیشەی، كاك عەمر موهەییەئە لەبۆ فلان ئیشی جەوی لەبۆ تەهیئە دەكا، ڕوسولیش موهەییەئە لەبۆ ئەدائی ڕیسالەی جەوی لەبۆ تەهییئە دەكا، ئائەو جەوە دەبتە مەدرەسە لەبۆی، كو ئەنیشتاین جەوی ئەنیشتاین مەدرەسەیە لەبۆ ئەنیشتاین بگاتە مستەوای عیلمی ئەو سەقفە عالیە نەظریەی نیسبیە دابنێ، ئەدیسۆن نەفسی شت، عولەمایتكە نەفسی شت نەفسی ئەوانەش ڕوسولیش ئەبەو نەوعەی تەهییئەی جەوی لەبۆ دەكرێ ئا ئەو مەدرەسە جەووە دەبتە

مەدرەسە و موهەییەء لەبۆی، فیعلەن دەگاتە ئەو مەرحەلەی کە باری تەعالا موفاتەحەی بکا، هەریەکە بە نەوعەك، هەر ڕەسولەکیش هەرنەبیەکیش مواصەفاتی خاصی خۆی هەیە، موهیمەی ئەو ڕەسولانە چییە؟ وەکی تازە بەحسمان کردبنە حوججە لەبۆ بەشەر، کوللی ئوموریان جوللی ئوموریان لە قورئان بە مەفهومی بەلاغ هاتیە بە مەفهومی تەبیین هاتیە، باری تەعالابە ئینسانی گۆتیە ڕۆژی بگرە، لەکێ ئەمە زانیمان بەمەی گۆتیە ڕۆژی بگرە؟ عەن طەریقی پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم، باشە پێغەمبەر لە کێی وەرگرتیە؟ لەو قورئانەی، ئیذەن پێغەمبەرصلی الله علیە و سلم قورئانەکە عەمەلی وەکو دروسی سابیق دەمانگۆ لە(٥٠%) ی قورئان پێغەمبەرە صلی الله علیە و سلم، قورئان دوو بوعدی هەیە دوو نەظەریە ی هەیە، قورئانەك نەظەری لە ناو ئەو موصحەفەی کە ئەمە بین طیتین مصحف، هەمانە لەناو گیرفانمانی دادەنێین، ئەوە قورئانە نەظەریەکەیە،(محمد)یش صلی الله علیە و سلم قورئانە عەمەلیەکەیە، ئیذەن کە دیتمان پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم بە ڕۆژی دەبی(کما کتب علیکم الصیام) (سورةالبقرة- أیة ١٨٣)، پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم بەو نەوعەی بەڕۆژی دەبی ئیذەن ڕۆژی (محمد)ی صلی الله علیە و سلم معیارە لەبۆ مە، نەك وەکی ئومەمی سابیق، وەکو حەزرەتی زەکەریا بە ڕۆژی بوو، محمد صلی الله علە و سلم وەکو حەزرەتی زەکەریا بە ڕۆژی نەبوو، ڕۆژی حەزرەتی زەکەریا نەوعەکە لە قورئان، محمد صلی الله علیە و سلم بەو نەوعەی بەڕۆژی بوو، ئیذەن ڕۆژی ئوممەت وەکی (محمد)ی دەبی ببی، ئیذەن محمد حوججەیە لە ڕۆژی لەسەر بەشەر ڕۆژی قیامەت، نازانم واضحە یان نا؟

نوێژ کردن کووە؟ (صلوا کما رأیتموني اصلي){ رواه البخاری}، باری تەعالا بەمەی گۆتیە نوێژ بکەن، باشە نازانین نوێژ کوە باری تەعالا لە قورئان فەرمویتی نوێژ بکەن ئەمما نازانین رکوع کووە سجود کووە؟ لە قیام چ دەخیندرێ؟ لە رکوع چ دەگوترێ؟ التحیات کەلیماتەکانی کووە؟ کو تەکبیرەی ئیحرام و تەحلیلە دەکرێ لە نوێژ نازانین؟ ئەوانە فوقەهاء لە چیان وەرگرت؟ عن طەریقی ئەدائی فیعلی لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم لەناو نوێژ، ئیذەن پێغەمبەرصلی الله علیە و سلم بە ئەبعادی دینی حوججەیە و قورئانە، هەموو ڕەسولەکیش بە نیسبەت ئومەمی خۆی بەو نەوعەیە، حەزرەتی یحیی ئوممەی حەزرەتی یحیی گوناهیان کردیە حەزرەتی یحیی لەناو ڕیسالەکەی ئەوهایە ئەوی گوناهـ بکا دەبی بێ تۆبەی بکا لەکنی، تۆبەکە کوە لە بحرالمیت دەبی غەرقی کا هەتا ئەخیر توقی سەری، پاشان دەبی سەری بینی دەربیبنی ئەوجا کابرا ئیعتیراف بەگوناهی خۆی بکا، ئەوا لە شەریعەتی حەزرەتی یەحیای تۆبەکردن بەو نەوعەی بوو.

لـه شـەریعەتی حـەزرەتی عیسـی موختەلیفـە دەبـا کـابرای گوناهکـار بچتـە کـن حـەزرەتی عیسـای ئیعتیرافی لەبۆی بکا ئەوهام کردو ئەوهام کرد ئەوها، لەشەریعەی موحەممـەد صلـی الله علیـه و سلم موختەلیفـە، گوناهـەکی کـرد کـاك فلان هـەر بـەینی خۆی و بـەینی بـاری تـەعالا وەعد دەداتـە بـاری تـەعالا چـی دی ئـەو گوناهـە نـەکا، وەسیط نییـه بـەینی خۆی و بـەینی بـاری تـەعالا، ئیذەن مفهومی ئیسـتیغفار لـەو تەشریعە موختەلیفـە، عـەن طـەریقی چ؟ عـەن طـەریقی ڕیسالە، و عـەن طـەریقی ڕوسول، ئیذەن باری تەعالا عن طەریقی ڕوسول تەبیینی حەق دەکا، تەحقیقی حـەق دەکـا، وە باطـل کەشف دەکـا لـەبۆ بەشـەرییەت، لۆ ئـەوەی ڕۆژی قیامـەت بەشـەر حوججـەی نـەمینی لەسـەر بـاری تەعالا، لۆ ئیعلامت نەکردین یا ڕەبی؟ لۆ ئاگادارت نەکردین؟ ئا ئەوە لەسەر بەشەر نەمینێ.

نوقتەی چارەمی ڕەئیسی:

هەر ڕەسولەك لەبۆ قەریەی خۆی هاتیە،(قری) لە قورئان بە ناوی حەضارەت هاتیە بە ناوی جێش هاتیە، بە ناوی زەمان هاتیـە، بـەناوی مـەکانیش هاتیـە مەثەلـەن: بـە مەککـە گوتراوە(قریـة)، عیلمـەن مەککە محافەظە بووە ئەو وەختی عاصمە بوو، باری تەعالا مەقصەدی لەوەی هیچ ئینسانەك ڕۆژی قیامەت زندی نابتەوە باری تەعالا بینێرتە جەهەننەم بەبێ ئەوەی ئیقامەی حوججەی لەسـەر کرابـی، یان بینێرتە جەننەت بەبێ ئەوەی ئیطاعەی خوای کردبی، نییە ئـەو دووە، عەکسی وەی نییـە، هـەر بەشەرەك حەقی ئەوەی هەبی بچتە جەهەننەم دەبی ئیقامەی حوججەی لەسەر کرابی و نەشی کردبی عیبـادەتی نـەکردبی، ئـەوە بـالإطلاق وە هـەر ئینسـانەکیش موسـتەحەقی جەننـەت نـابی هـەتا ئیقامـەی حوججەی لەسەر نەکرابی و حەقیقەتەن ئەدای حوججەکەی نەکردبی، ئیذەن هـەرچی ئینسـان لەسـەر وجود دەبـی لـە مستەوای عـەقل و عیلمـی خۆی ئیقامـەی حوججـەی لەسـەر کرابـی، لۆیێ قـەدیم کـە حەضارە موتەئەخیر بوو وەسائیلی ئیتیصال و عیلاقات و وەسائیلی هاتووچۆ کەم بوو زەحمەت بوو، لۆیێ وە دەبوو لە یەك زەمان دوو پێغەمبەر دەبوو، حـەزرەتی عیسـی و حـەزرەتی زەکـەریا لـە یـەك زەمانـە، لـوط و إبراهیم لـە یـەك زەمانـە، ئـەوە لـە فلان گوندییـە ئـەوە لـە فلان گوندییـە، ئـەهلی ئـەو گوندەی زەحمەتە بگاتە ئێرە، موحتەمەلە لەو مەسافەیەی کابرا ئەثنای گەیشتنێ چەند مانگی پێ بچی بمری، ئیقامەی حوججەی لەسەر ناکرێ، لۆ ئـەوەی حوججـەی نـەمینێ لەسـەر بـاری تـەعالا ڕۆژی قیامەت، نا با پێغەمبەرەك لێرە بی، پێغەمبەرەکیش لێرەبی، لۆیێ ئەنبیـاء مـا عـەدای ڕوسول ئـەنبیاء زۆر بووینە، حەدیثەکی ضەعیف هەیە دەرێ بیست و چوار هەزار نەبی هەبووە، هەر گوندەك نەبی خاصی خۆی هەبووە وەکی موختاری، هەر گوندەك موختار صاحێبی هەبووە، هەر گوندەك وەختـی خۆشـی بـاری تـەعالا ویسـتیتی ئیقامـەی حوججـەی لەسـەر بکـە موختـاری خـۆی هـەبووە ڕەببـانی، ئیقامەی حوججەی لەسەر ئەو میللەتەی کردیە، وەکو حەزرەتی یەعقوب لـە گونـدی خـۆی مەسئولی

گوندی خۆیتی، وەبووە لە زەمان لەیەك زەمان لە دوو جێی نزیك دوو پیغەمبەر هەبووە، لەبۆ وەی فیعلەن پڕ بە پیستی بەشەرەکەی باری تەعالا ئیقامەی حوججەی لەسەر بکا، یعنی بەشەر هیچ حوججەی نەمینێ، بە هیچ نەوعەکی، سبەی دوو سبەی وەکی دەیهاوێتە ناو جەهەننەم نەرێ یا ڕەبی لۆ وەت کرد؟ ظولمە لە من دەکرێ، غەدرە، لە حیسابم کرایە، ئا ئەوەی بەرامبەر باری تەعالا ی نەبی، ئەوە ئەو.

نوقتەی شەشەم:

هەر یەکەکیش هاتبی لەو پێغەمبەرانە بە زمانی قەومی خۆی بووە، طەبعەن لێرە دوو کەلیمە هەیە لە لوغەی عەرەبی لە زمانی کوردی نیتمان، لیسان هەیە وە لوغە هەیە.

لوغە لوغە ئا ئەو کەلیماتانەیە کە ئێستا ئەمن نەقلی دەکەم لەبۆنگۆ بەوە دەگوترێ لوغە لە عە رەبی. لیسان هەموو حەیات شمول دەکات، هەتا تەعابیری دەموو چاو، تعابیری دەست، حەضارەت، عیلم، تەقەدوم، فەن، تەکنەلۆجیا، ئی ئەو زەمانە و ئەو مەکانەی هەمووی ئیجماع بکرێ تەوصیل بکرێ پێی دەگوترێ لیسان، عاداتی شعوب، ئەوە هەمووی لە کەلیمەی لیسان جەمع دەبی، لوغە بەس قسەکەیە بەس صەوتە، فۆنەتیك، ئەو دەنگەیە کە دەردەچی لە ئینسانەك لەبۆ ئینسانەکی دی، مەثەلەن :

لوغەی ئینگلیزی، لوغەی فڕەنسی ناگوترێ زمانی فڕەنسی لیسانی فڕەنسی، نییە، کە گوتت لیسانی فڕەنسی یعنی هەموو عادات و تقالید و هەموو مەعالمی فڕەنسی بەوەی دەگۆترێ لیسان،(باری تەعالا)ش کە هاتیە ئیقامەی حوججەی کردیە لەسەر بەشەر، نەک بە لوغە بە لیسان ئیقامەی حوججەی کردیە لەسەر بەشەر، بە هەموو ئەبعاد و بە هەموو ناحیەك حوججە لەسەر بەشەری ئیقامە دەکا بەگێ، بە چاو، بە زمان، بە عەقل، بە دەست، بە شعور بەلاشعور، بە هەموو شتەك، ئیقامە حوججەی کامل لەسەر بەشەر بکرێ، مەثەلەن :

خیندەوار نییە کابرا بە چاو، چاوی کۆرەیە بە گێ، نیتی بە لەمس، ئەوە حەقە ئەوە باطلە ئیحساسی دەداتێ، ئیللا دەبی ئیقامەی حوججەی لەسەر بکرێ، بە چ؟ (بلسان قومە)، عەرەبی بەس لوغەیە، ئەمما قورئان لیسانە چونکی هەموویتی ئەوە نوقتەی ڕەئیسی ئی ئەنبیاء و روسول.

بەعضە نوقاتی ثانەوی:

ئەوانە بەشەرن وەکی مەنە، دەبی عادات و تەقالیدی ئي ئەوموجتەمەعەو ئەو شعوبەشیان پێبی کەلە ناوی گەورە دەبن، طەبعەن هەموو ماعەدای پێغەمبەری مە صلی الله علیه و سلم محمد لە ناو بیئەی خۆی گەورە بووە، موتەئەثیر بووە بە بیئەی خۆی و محاوەلەشی کردیە بیئەی خۆی ئەسلەمە بکا، موسوڵمانیان بکا.

حەزرەتی إبراهیم چاوی دەکاتەوە دوو نەوعە دین هەیە، دینی کەواکب، وە دینی ئەصنام، هەردووك لە قورئان مەوجودە، حەزرەتی ئیبراهیم دەبی لە هەردووکان بدا ئەوانە هەردووك صەنەمن، هەردووك دەبی بیشکێنی لە شعوری ئوممەی خۆی، ئیذەن دەبی دوو بوعود ئیقامە حوججە بکا، بە دوو نەوع هەم لەسەر ئەوانەی عیبادەتی کەواکب دەکەن، هەم لەسەر ئەوانەی عیبادەتی صەنەم دەکەن، ئیذەن هەر پیغەمبەرەك موتەئەثر بووە بە بیئەی خۆی، موشکیلەك هەبووە طاغی بووە زاڵ بووە لەسەر مەشاکلی دی، ئەوجا موشکیلەکە فیکری بووە موشکیلەکە ڕوحی بوو، موشکیلەکە جوزئی ئیمان بووە، یان موشکیلەکە ئەخلاقی بووە.

مەثەلەن ئوممە هەبووە موشکیلەی ئیقتیصادیان هەبووە لە ئەثنای کڕین و فرۆشتن لە مکیال و میزان غەشیان کردیە، خاص پێغەمبەریان لۆ چووە لۆ ئەوەی موعالەجەی ئەو قەضیەی بکا، باشە لێرە ئەو ئوممەیە بەس لەو نەوعەی لەو مونطەلەقەی خەلەلی تێکەتیە، نەء لە بوعدی ئیمانی خەلەلی تێکەتیە ڕەسولەکە هاتیە یان نەبیەکە هاتیە ئەو بوعدە ئیمانییە تەقویە دەکا لۆ ئەوەی ئەو موشکیلە عەرەضیە نیهایەتی بێ، مەثەلەن ئەمن نەخۆشم، نەخۆشییەکەم سەبەبی هەیە میکڕۆبەك هەیە لە ژۆرێ، کە دەچمە کن دختۆر دختۆر بە واسطەی ئەو ئەعراضەی من میکڕۆبەکەی تەشخیص دەکا، نەك نەخۆشییەکەی من، مەثەلەن دەرێ ئەتوو ئەنفلەوەنزەت هەیە، ئەنفلەوەنزا ناوی میکڕۆبەکەیە نەك ناوی ئەعراضەکانە، دێ کە دەرمان دادەنێ لۆ ئەوەی میکڕۆبەکەی لە ناو ببا نەك ئەعراضەکان کە میکڕۆبەکە لە ناو چوو ئەعراضەکان خۆی نامینێ، ئەمن پەسیوم دەپژمم سەرم دەسوڕێ، حەڕاڕەتم برند دەبی ئەوانە هەموو ئەعراضە، وەکی دەچمە کن دختۆری دەرێم ئەوانەم لێیە نارێم فلان میکرۆبم لە جەسەدییە، دکتۆر بە واسیطەی ئەو ئەعراضانە میکرۆبەکەی تەشخیص دەکا، پێغەمبەرەکە هاتیە عەرەضی نەخۆشی لە ناو موجتەمەع مەوجودە، سەبەبی میکرۆبەکەی نەقصە لە بوعدی ئیمان، دێ لەو وەتەرەی دەدا، دێ تەثبیتی ئیمان دەکا لەو مەنطیقەی، کە تەثبیتی ئیمان بوو حەتمەن دەبی ئا ئەو غەشە لە مکیال و میزان لە مەتر و لە کیلۆنابی بمینێ، واضحە لە کنتان؟ هەموو ئەنبیاء و ڕوسول ئەوها موعالەجەی قەضایایان کردیە.

ئیذەن کە دێن تەبلیغ دەکەن بەیانی حەق دەکەن، بە چ؟ بە ئوسلوبی دەعوە ئوسلوبی تەفهیمی موجتەمەع عەن طەریقی کەلام عەن طەریقی خولوق ئیقامەی حوججە دەکا، بە وەسیلەی عیلمی و عەقلی محاوەلە دەکا موقابیل ئیقناع بکا بە هەدەفییەتی قەضیەی خۆی، ئەوەی مەثەلەن بوعدی عەقلی صرف بی بە بوعدی عەقلی لەگەری دەکا، ئەوە حەزرەتی ئیبراهیم مەوجودە چونکی مەنطق لەسەر زەمانی وی مەوجود بوو، (ان الله يأتى بالشمس من المشرق فأتي بها من المغرب)) (قال أنا أحي و أميت) (البقرة)٢٥٨) بە مەنطیقی عەقل کابرا دەکا، باشە چاکە، ئەتو نەفەری هینا نەمرووود نەفەری

هینا دوو ئەوە حوکمی ئیعدامی درایتێ هەردووك، گۆتی ئەوەی ئیعدام ناکەم و ئەوەم ئیعدام کرد، (امت هذا و احییت هذا) بە مەنطیقی واقع ڕاست دەکا هەردووك حوکمی ئیعدامیان درایتی، ئەوەی عەفو کرد ئەوە نەمرد، ئیذەن ئەوە ئیحیا بوو حوکمی ئیعدامی لەسەر بوو، ئەمما ئەوە نەء حوکمی ئیعدامی هەیە دەبی بمری مرد.

ئەمما حەزرەتی ئیبراهیم عاقلە، باشە ئەوەت کرد ئەمما الله ئیشەکی دیکەش دەکا ڕۆژ لە مەشریق هەردینی لە مەغریبیش ئاوای دەکا ئەتوو عەکس کە، (فبهت الذي كفر) (البقرة ٢٥٩) ڕاوەستا طاقەی وەی نییە، لە بوعدی بەشەری خۆی کابرا قیاس دەکا، ئەمما ئەو ڕەسولە بە بوعدی إطلاق لە(الله)وە شت وەردەگری.

ئیذەن ڕؤیەی ئیبراهیمی کەونیە رؤیەی وی ماددیە بەشەرییە، کە حەزرەتی ئیبراهیم دێ بە بوعدی عەقلی لەگە نەمروود دەبی قسان بکا چونکی بوعدی عەقلی هەیە کابرا، ئیذەن دەبی کابرا حەزرەتی ئیبراهیم لە مستەوای عەقلی نەمروود و فەوقی ویشی پێبی.

حەزرەتی موسی نەفسی شتە زەمانی وی ماددە و مەعنا تێکەڵ ببوو خزەعبلات و غەش و خیداعی چاو زۆر بوو بەناوی سیحر، باری تەعالا نەفسی حوججەی دەداتێ لە نەفسی نەوع ئەمما ئی وی حەقیقەتە ئی وان درۆیە، لۆیێ بەکامیلی طاقە بەکامیلی ئیرادە تەحددا دەکا حەزرەتی موسی، باجامع بن حازر بن با یوم الزینة وەکی نەورۆزی هەموو عالەم دەردەچی لەیەك جێ ی جەمعیان دەکا، ئەوانیش عاداتیان هەبوو وەکی ئەو میللەتەی، هەموو جەمع دەبن لەوێ ئیقامەی حوججەیان لەسەر بکا، (وأن يحشرالناس ضحى) (سورة طه_ ایة٥٩) هەموو جەمع دەبن، وەقتەکەش ضوحایە، جێیەکەش وەکی مەلعەبیە هەموو حازر دەبن سەحەرە دێ، حەزرەتی موسا لێرە مەنطیقی عەقل نییە، لێرە حەرەکەیە غەیری خۆیتی ئەوان شتیان پێیە دەبی حەزرەتی موساش شتی پێبی، شتی وان لەگەر شتی حەزرەتی موسا موختەلیفە ئی وان هەمووی خەدعی بەشەرە چاوی بەشەرە، بەشەرەکانیش ئەوها تەنویم کراینە گەیاندراینە ئەو سەقفەی فیعلەن کە ئەو شتانەیان لە پێش کرا قەناعەتیان بە شتەکەی بێ، ئەمما ئی حەزرەتی موسای موختەلیفە حەقیقەتە، لۆیێ شەعبەکە پێش ئەوەی شەعبەکە لەکنی ئیقرار ببی کە فیعلەن بەینی ئیشی حەزرەتی موسا و سەحەرەکان یەك نینە، غەش و خیداعیان هەیە ئەوانەی حەزرەتی موسای حەقیقەتە، یەکسەر سەحەرەکان ئیمان دەینن و سەجدە لە بۆ (امننا برب هارون و موسى) (سورة طه_اية ٧٠)، چونکی نازانی ئیلاهەکە کێیە ڕببەکە کێیە، ئەمماحە قەکەی پێیە، ئیذەن ئەوە مەنطیقی عەقل نییە مەنطیقی واقعە.

هەر پێغەمبەرەك ئیذەن کە دێ دەبی بەلیسانی قەومی خۆی ئیقامەی حوججە بکا لەسەر موجتەمەعەکەی خۆی، ئائەوەی حەزرەتی ئیبراهیم کردیتی لیسانی قەومی خۆیتی، ئەوەی حەزرەتی

ابراهیم كردیتی لەسەر موجتەمەعی خۆی لیسانی قەومی خۆیتی، ئا ئەوەی حەزرەتی موسی كردیتی لەگەر قەومی خۆی لیسانی قەومی خۆیتی، ئەو هەموو شتە پێ ی دەگۆترێ لیسان قەومی لە زەمان و مەكانی خۆی، ئیقامەی حوجەی تام دەبی لەسەر بەشەر بكرێ، ئەویش عەن طەریقی دەعوە عەن طەریقی تەبلیغ عن طەریقی تەفهیم بەس، طەریقەكیتكە نەبووە، (لا اكراه فی الدین) (سورةالبقرة_ایة٢٥٦).

عاممەتەن لە ئادەمەوە هەتا محمد وە ئەخیر ئینسان لەسەر وجود ئیكراهـ لەسەر دین نییە، هیچ وەقتەك دین(الاسلام الكامل) لە ئادەمەوە هەتا محمد صلی الله علیە و سلم بە زۆر لە ناو قەلبی ئینسانەك دانەنرایە، هیچ وەقتەك نەبووە و ناشبی و ئەوەی دەشكرێ غەلەتە جەبرەن وە فەرضەن موجتەمەع ئیسلام ببی نەبووە ئەوە، عەقائید یاخود ئیمان بە زۆر ناچێتە ناو قلوب، هەتا ئەو قلوبە خۆی نەكرێتەوە بە بوعدی عەقلی بە بوعدی مەنطیقی بە بوعدی ربانیات و ئیلاهیات خۆی نەكرێتەوە، فائیدەی نییە ئەتو بە زۆر نوێژی پێ بكەی فائیدەی نییە بە زۆرعەرەقی پێ تەرك بكەی فایدەی نییە بە زۆر حوكمی ئیسلامیشی لەبۆ بینی ئیستیفادە ناكا، حەتا خۆی موستەسلیم نەبی لەبۆ دینەكەی، كە موستەسلیم بوو هەرچی طاقات هەیە لە داخیل لە سلبیات تەحویل دەبی لەبۆ ئیجابیات، وە ئەوە ڕیسالەی ئەنبیاء و روسول بووە هەمووی بەو نەوعەی بووە، هەموو قورئان جەرد كە لە سوڕەتی فاتحەوە تا سوڕەتی ناس ئەبەو نەوعەیە، نابینین لەحظەك پێغەمبەرەك یان ڕەسولەك ضەغطەكی كردبی لەسەر شەعب یان فەرد، نەفەر هەمووی عەن طەریقی تەبلیغ و دەعوە ئیقامەی حوجە لە سەر كرایە، ئەوجا ئایا ئەگەر ئیمانیان هینابی بوینە ئەهلی سعادەت، ئەگەر ئیمانیشیان نەهینابی بووینە ئەهلی شەقاء، مواصەفاتی ئەنبیاء و ڕوسول لە قورئان زۆرە هەر نەبییەك و ڕەسولەك صیفەی خاصی خۆی هەبووە، صیفەك لەسەر صیفەكانیتكەی طاغی بووە، ئەمما هەمووی ئیجماعەن صیفەی لە صیفەی صدق وە لە صیفەی ئەمانە موجتەمیعن صیفەی صدق دەبی صادق بووبن لەگەر هەموو بەشەر وە لەصیفەی ئەمانەت ئەمانەتی ماددی و مەعنەوی و صدقی ماددی و مەعنەوی، لەو دوو صیفەتەی هەموو ئە نبیاء و روسول دەبی موتەفیق بووبن.

ئەگەر ئائەو دوو بوعدە نەبی ئەرضی طەبعەن پێش نبووەتیش پێشەوەی ببتە نەبی پێش ئەوەی ببتە ڕەسول دەبی ئەو دوو سیفەتەی تێدا مەوجود بووبی، نەخۆ خوا نەكا ئەگەر پێشترێ درۆیەكی كردبی، یەك درۆی كردبی موجتەمەع پێشی نبووەتی یان پێشی ڕیسالەتی یەك درۆی لێ دیتبی پاشی وی بە عەشەرات ئەدلە و ئایات بینی كەس باوڕی پێ ناكا، ئەوە بە بوعدی صدق یاخود یەك جار لە ئەمانەتی ماددی و مەعنەوی خیانەتی كردبی ثقەی پێ نابی موجتەمەع بە فەرد و بە مەجموع، لۆیێ باری تەعالا كە دێ ئیصطیفا دەكا ئەو هەموو عیبادە تەصفیت كرایە دێ تەماشایان دەكا ئەوانە

ئیختیار دەکا ئیصطیفا دەکا، دەبی ئائەو مواصەفاتانەیان هەبی حەدی ئەدنا ئەو دوو صیفەتە مەوجود بووبی ئەویش صدق و ئەمانەت، قورئان ئائەو ئیجماعی ئەنبیاء و روسول لەسەر وەی جمع دەکا.

ماعەدای وی هەرچی پێغەمبەرەك هەبووبی صیفەی خاصی خۆی هەیە، مەثەلەن حەزرەتی ابراهیم حەلیم بووە باری تەعالا لە قورئان ناوی لێنایە(لأواه حلیم)، مەثەلەن حەزرەتی موسی قەوي بووە، (فوكزه موسی فقضی علیە)، سورةالقصص_ایة١٥) حەزرەتی یوسف صیفەتەكیتكەی هەبووە زیرەك بووە عەقلەن لەبۆ دانانی خەرائیط و لەبۆ دانانی تەخطیطات و گەیشتن لەبۆ بە مەنصەب، حەزرەتی یەحیا صیفەتی حیلم و صەبری هەبووە، علیمەن لە صفاتی حەددی ئەدنا هەموو موتەفیق بووینە، ئەمما هەر یەكە صیفەتەكی هەبووە، ئەوانە هەمووی هەرچی بەحسمان كرد بە ئیجابیات هەمووی لە محمد صلی الله علیە و سلم جەمع بووە هەمووی كوشەن، هەرچی ڕیسالەی ئەنبیائە وە هەرچی ئییجابیاتی روسولە.

مەثەلەن صیفەی حیلمی یا صەبری حەزرەتی ئەیوب یان عەقلیەتی حەزرەتی یوسف یان قووەتی حەزرەتی موسی حەتتا دەنگ خۆشی حەزرەتی داوود، ئەوانە هەمووی جەمع كرایە لە محمد صلی الله علیە و سلم، چونكی ئەوانە هەریەكە كە ئەوانەم بەحس كرد ئەوانە هەمووی لیسانەكە، یعنی باری تەعالا صەبر دەداتە حەزرەتی یحیی لیسانەكە لەبۆ ئوممەی خۆی لەبۆ ئەوەی ئیقامەی حوججە بكرێ لەسەریان، محمدصلی الله علیە و سلم ڕەسولە لەبۆ هەموو بەشەرییەت، موحتەمەلە فیئەك لەو بەشەرانە لەو زەمان و مەكانە بوعدی ئینسانیان بەدەنییان وەكو شەعبی حەزرەتی یەحیا بی، دەبی لە پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم ئەو بوعدە ئیحساس پێ بكەن هەتا ئیشباعی داخلیان ببی، ئیمان بەو بوعدەی تەواو ببی، مەجموعەك لە ئوممەی محمد چونكی پێغە مبەر صلی الله علیە و سلم، لە خۆی دەست پێ دەكات موسڵمان هەتا ئەخیر ئینسان لە سەر وجود، مەجموعەك لە ئوممەی محمد صلی الله علیە و سلم كە دەمینێ یان لە زەمانی پێغەمبەرصلی الله علیە و سلم لە شەریعەتی پێغەمبەرصلی الله علیە و سلم موحتەمەلە لەطەرەفی وەكی یەهودیەكان بن، ئیذەن دەبی كە حەزرەتی موسی دەرمانی جووەكانی پێیە یەهودیەكانی پێیە، دەبی پێغەمبەریشصلی الله علیە و سلم عەینی دەرمانی پێبی، لۆوەی فیعلەن بتانی اشباعی ئا ئەوانەی نەخۆشی جووەكانیان هەیە یان وەكی جووینە بتانی عیلاجیان بكا و دەرمانیان بكا، یان ئەوانەی عن طەریقی عەقلیات موتەئەثیر دەبن و ئیقامەی حوججەیان لەگەر دەكرێ لەسەر دەكرێ وەكی حەزرەتی یوسف، یان الی آخره لە انبیاء و روسول، دەبی پێغەمبەرمان نەفسی مواصەفاتی تێدا مەوجودبی، لۆ؟ چونكی كاملە، ئەو هەموو ڕیسالاتانە ئەوانەی دروست كردیە دەبی بە میرات لەبۆی بمینێ، چونكی بتانی بە ئیطلاق لە مستەوای سەدا

سەد ئیقامەی حوججە بکا لەسەر هەموو ئەنواعی بەشەر، نەك یەك نەوع نەك موسەویەکان یان عیسەویەکان یان یحیەویەکان لەسەر هەموو ئەنواعی بەشەر.

ئەوە موجەڕەد موقەدیمەکە لەبۆ دروسی لاحق إن شاء الله، ئەگەر لە خزمەتتان بوین موقەدیمەی ڕیسالە وە عیلاقەی ئاسمان لەگەر عارد وە کو ئیختیار دەکرێت و هەدەفی ڕیسالات و صیفەی تەبلیغ وە صیغەی تەبلیغ وە موهیممەی تەبلیغ و مواصفاتی ئەنبیاء و روسول.

ئەوە لێرە إن شاء الله دەرسەکەمان تەواو دەبی ئەوەی سوئال و ئیستیفساری هەیە لە خزمەتین، بەس مولاحەظەکی بەسیط موقەدیمەن عوذر تەقدیم دەکەم ئەوە جەنابتان دەبینن صیحەتم تەواو نییە سێ حەفتە موحتەملە ئیجازە طەلەب بکەم لێتان ئەگەر بمدەنێ، قیچەك ئیشم هەیە صیحەتیشم تەواو نییە، سەفەرەکی گچکۆکەشم هەیە، لەبەر ئەو سێ سەبەبەی، ئەگەر ئیجازەمان بدەنێ إن شاء الله پاش ئەو فەترەیەی إن شاء الله دێینەوە سەر نەفسی دروسی خۆمان بە نەفسی کەیفییە ئەگەر مام، نەشمام گەردەنمان ئازا کەن دوعای خێرمان لۆ بکەن، إن شاء الله خودا لە گوناهمان خۆ شبی.

بەرێ ئێستاش کەس سوئالی ئیستیفساری تەنویری تەوضیحی، طەبعەن مەوضوعەکە زۆر موعەقەدە زۆریشە لە قورئان ئەوانە هەمووی هەر یەکە لەو مەوضوعانە دوو سێ دەرسی دەوێ، چونکی موڕەککەزە مەثەلەن بەس ئایەتەکانتان لەبۆ بخینم، بەلاغ بیست و شەش نەوعی هەیە، موهیمە هەر نەبی یەك و بەلاغی تەبلیغی کردبی بە(٢٦) نەوع، پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم تەبلیغ کرایە لە ئیصیطفاء یازدە نەوع ئیصیطفاء هەیە هەر لە قورئان ئەوانە، تەذکیر حەفت ئەنبیاء و رسل دەیکا حەفت نەوعە تذکیر بووە، ماعەدای وەی لە چل و پێنج جێ بەحسی کوتوب کرایە نازانین ئەو کوتوبەکان چنە، ئەوە هەمووی لەبۆ پێغەمبەری مە مایە، لە شازدە جێ بەس بەحسی تەوڕات دەکا، وەکو حیکمەت پێغەمبەر صلی الله علیە و سلم حوسنی ئیستیفادەی لێ بکا، لە دوازدە جێ بەحسی ئینجیل دەکات کو حەزرەتی عیسی ئیستیفادەی لێ کردیە و بە میرات برێین إن جاز التعبیر لەبۆ پێغەمبەری مە مایە صلی الله علیە و سلم، ئەوانە هەر یەکە ئەوەی خاصی خۆی هەیە، یەعنی بە ئیجمالەکی زۆر بە موختەصەرەکی زۆر ئەوە لە خزمەتتان تەقدیم کرا، نەخۆ ئەوانە هەر یەك هەر یەك لەوانە موضوعەکی موستەقیلە دەبی دەرسی خاصی لەبۆدابندرێ جوهودی خاصی لەبۆ سەرف بکرێ، ئەمما ئەوە موجەڕەد ئەوە موقدیمەیە لەبۆ دروسی لاحقمان إن شاء الله ئەگەر هات لە خزمەتتان بوین،

ئێستا إن شاء الله کێ سوئالی هەبی بەرێ.....

(پرسیار): جیاوازی چیە لە بەینی نەبی و ڕەسول؟

(وەڵام): نەبی ئەوەیە کە ئیعلام دەکرێ لە ئاسمانەوە بە هەر طەریقەك، هەشت طەریقە هەیە، بە هەشت طەریقە بە هەرطەریقەك لەو هەشتانە ئیعلام بکرێ بابە ئەتوو ئیختیار کرای ئەوە دەبتە نەبی، ئەمما ئەگەر هاتوو ریسالەی لەبۆ هات قورئانەك کیتابەك ئەلواحەك صوحوفەك برۆ ئەوەی بدە میللەتی خۆت و موجتەمەعی خۆت ئەگەر ئەوەی هینا بەوەی دەگۆترێ ڕەسول، هەموو ڕەسولەك نەبیە ئەمما هەموو نەبیەك ڕەسول نییە، فەرقیان هەیە ڕەسول دەبتە موقیم الحجة، نەبی موحتەمەلە هەر لەناو گوندی خۆی بەس لەبۆ خۆی بی، وەکی وەلیەکی صالح دانیشی لە پەنایەکی خوا ئەوەی ئیختیار کردیە لەبۆ موهیممەکی موعەییەن بە موختەصەری ئەوە، بەڵێ ئەوە موجەرەد فەرقی بەینی ئەنبیاء و روسول.

(پرسیار): مەوقیفی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە ئەسرای بەدر چی یە؟

(وەڵام): بە تەقدیری رب العالمین پاشان خطەء دەردەچی، مەثەلەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیجتیهاد دەکا لە مەوضوعی ئەسرا، وەکو ئینسانەك حەددی ئەقصای و عیلم و عەقلی ئیش پێ دەکا ئا ئەوەی لێ ئینتاج دەبی کە فیعلەن ئەسرا نەکوژرێن، بینن هەریەکە دە مندارە موسولمان فێرە تەعلیم و قیرائە و کیتابە بکەن پاشان فیدیە بدرێ خوا حافیزیان بی، موحتەمەلە ئەوانە لە موستەقبەل ببنە موسڵمان ئەوە قیممەی عەقلە، ئەمما باری تەعالا شتیتکەی دەوێ، تێدەگەی برای من ئائەوە ئەوجا لێرە خەطەء ئەنواعی هەیە لێرە ئەو خەطەئە بەو نەوعەیە نەك ئەوە بزانی و ئەبەو نەوعەیە و بیکا، چونکی سێ موصطەلەحی گۆت ذەنب و عیصیان و ئیثم، دەبی ئەمە ئەو سێیەی تێبگەین ئەوجا ئائەوە خەطەئەکە بەو مەفهومەی ئەو سێیەت لادا ئەوجا ئەوە دێتە گۆڕێ، ئەوجا لە خەطەئەکەی دەگەی، یعنی ئەوها نییە(إن اللهتجاوز عن أمتي الخطأ و النسیان و ما أستكرهوا علیه) رواه _إبن ماجه) ئەوها نییە لەبۆ خۆی، ئەوە لەبۆ مەیە خۆی فەوقی وەیە.

مەثەلەن لەگەڵ جەمعی قورەیش دانیشتییە دەعوەی دەکا عبدالله بن مەکتوم لە پشتەوەی دێ ئاگای لێ نییە، کە دێ یەقەی دەگری پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم قسان دەکا کو ئەمن قسان بکەم ئەوە لە پشتەوە ڕامبکێشی ئێ دەزانم ئەوە مولکی خۆمە ئەوە عایدی خۆمە ئەوە تەئمینم کردیە ئەوە، ئەمما ئەوانە دەمەوێ تەئمین کەم ئەوها دەکا پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم هەر ئەوەندە، ئەوە ئیجتیهادی خۆی ئەگەر ئەوانە تەئمین کا ئەوە تەئمینە خەطەئی نەکردیە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم بە بوعدی بەشەری بە عیلم و عەقلی مەش ئی خۆشمان ئەمنیش باما هەر ئەوەم دەکرد، ئەمما لە کن باری تەعالا نەء ئەوەخەطەئە نابی بکرێ، باری تەعالا لێرە تەصوییی دەکا تەڕشیدی دەکا، تێدەگەی برای من یەعنی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم هەر مەقامی خۆی دەمینێ مەفهومی ڕیسالییەت و نبوەت.